Kurdistan Freedom Party

پارتی ئازادیی کوردستان

# ڕوونکردنەوەیەک لە
# کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی ئازادیی کوردستانەوە

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ شەممە 7-7-2007، نووسراوێک لەسەر ژمارەیەک لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاوکراوەتەوە کە گۆیا "ئینشعاب لە پارتی ئازادیی کوردستان" رووی داوە. ئێمە قەزاوەت لەسەر دارشتن و ئیملا و ئینشا و ناوەرۆکی سەقەت و پێکەنینهێنەری ئەو نووسراوەیە کە ئاستی ئاوەز و توانای " خوڵقێنەر"ەکەی دەردەخا، بۆ خوێنەرانی بەجێدێڵین.

بەڵام لەسەر ئەو کەسانەی کە وەک واژۆکەری ئەو نووسراوەیە ناویان براوە، رادەگەیەنین کە ژمارەیەک لەو ناوانە تەنیا بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی ڕێبەری شەهیدمان کاک سەعید یەزدانپەنان کە هیچ پلە و پایەیەکی حیزبییان نەبووە، کەسێکی وەک بەڕێز کاک عومەر، نە ئاگای لەو گاڵتەجاڕییەیە و نە لەگەڵیدایە. ژمارەیەکیان فڕیان بەسەر ئەو نووسراو و کردارەوە نییە و خۆیان لە ڕێگای ماڵپەری www.4rojhelat.org وەدرۆیان خستووەتەوە، ناوی وای تێدایە کە هەر ئێستا لە ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان دا خەبات دەکا.

گاڵتەجاڕی ئەو کارە کاتێ زیاتر دەردەکەوێ کە نووسەری سیناریۆ بە کەیفی خۆی پلە و پایەی حیزبی بەسەر ئەم و ئەودا دابەشکردووە. وەک بڵێی هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ زانینی پێکهاتەی ئەندامانی ریبەرایەتیی ئەو حیزبە نەبێ!

ئێمە رادەگەیەنین کە ئەوە کۆمەڵێک کێشەی دەروونی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی "سمکۆ" ناوێکە کە بۆ دەرباز بوون لێی ئاژاوەیەکی خێزانی نایەوە و سەرەنجام بەشێک لە بنەماڵەکەی تێوەگلاندووە و شوانەی زاوای و 5 کەسێکی دیکەی لە ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، هەر کام بە تەرزێک رکێشی ناوی کردووە.

ئێمە ئامادەین بۆ وەدرۆ خستنەوە و ریسواکردنی ئەو شەڕلاتانییە و سەلماندنی راستییەکان،هەموو بەڵگەیەکی نووسراو و دەنگ و رەنگی پارتی ئازادیی کوردستان لە پێش کۆنگرەوە تا کۆنگرە و دوای کۆنگرە بخەینە بەر دەست هەر تاک و گرووپ و حیزب و دەزگایەکی راگەیاندن.

کۆمیتەی ڕێکخستنی پارتی ئازادیی کوردستان، لە داهاتوویەکی نێزیک دا، لەوبارەوە ڕوونکردنەوەیەکی تێر و تەسەل دەردەکا.

پارتی ئازادیی کوردستان
کۆمیتەی راگەیاندن
2007-7-7